# شانۆی کوردی لە هەندەران «تیپی شانۆی ئارارات.. ئەزموون و میتود و ئیستێتیکا»

د. فازڵ جاف
(سوێد)

### شانۆنامەی دوو پێغەمبەر
### وەرچەرخانێک لە ڕەوتی هونەریی تیپی شانۆی ئارارات

لە هەردوو نمایشی گێژەن و ڕووتبوونەوەدا هەوڵم دابوو بەپێی چەمکی مەرجەکی و شێوازەکی کار بکەم، چ لە میتودی نواندن و چ لە جۆری بەکارهێنانی پانتایی شانۆ و سینۆگرافیادا، جا ئەو کات چەندم لەو دوو چەمکە دەزانی؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییە بکەم کە لە سەردەمی دەرهێنانی ئەو دوو شانۆنامەیەدا کە هێشتا خوێندنی ئەکادیمیم دەست پێ نەکردبوو، پێم وابوو مەرجەکی و شێوازەکی ئەوەیە کە من جێبەجێم دەکرد، بەڵام پاشتر، پاش خوێندنم لە ڕووسیا، بە تایبەتی قووڵبوونەوەم لە ڕێبازی مییرهولد کە دامەزرێنەر و داهێنەری ئەم دوو چەمکەیە، بۆم دەرکەوت کە هێشتا زۆرم مابوو! بەڵام ئەوەی بۆم دڵخۆشکەربوو، ئەوەبوو کە تەنانەت لەو قۆناغە سەرەتاییەشدا لە هێڵە سەرەکییەکەی مەرجەکی لام نەدابوو، یان بە هەڵە لێی تێ نەگەیشتبووم کە بە ڤیدیۆیش ڕووتبوونەوەم پیشانی چەند کەسێکی ئەکادیمیای شانۆ دا، پێیان وابوو زۆر لە ڕێبازی مییرهولدەوە نزیکم، هەرچەندە نمایشەکە بە زمانی کوردی بوو، بەڵام ئەوان لە میانەی میزانسێن و جووڵە و ئاماژەی ئەکتەرەکانەوە، ئەوەیان بۆ دووپات کردمەوە کە شێوازی نمایشەکە مییرهولدییانەیە.

هەردوو چەمک، مەرجەکی و شێوازگەری، لەگەڵ میتودەکانی جووڵە و پلاستیکا و ئاماژەی ئەکتەر، تێگەیشتنم بۆ هەموو ئەمانە قووڵتر و فراوانتر بووبوونەوە، چەند خوێندنەوە و بینینی نمایش و ڕاهێنانی کردەیی کاریگەرێتی خۆی بە سەر دید و ڕوانگەمەوە هەبوو وەک ڕێژیسۆر، کاریگەرێتی بۆچوون و دیدگای



مامۆستاکەم(گالینا تیتۆڤا) دوو هێندە کاریگەرێتی هەبوو، من لە شانۆدا چەند مامۆستایەکم هەیە، قەرداری هەموویانم، بەڵام سەبارەت بە دیدی هونەری و ئیستێتیکیانەم لە هەمووان پتر قەرزای تیتۆڤام.

لە پرۆفیسۆر گالینا تیتۆڤاوە، وردتر و تیرتر لە هەردوو بنەمای سەرەکی، ئیستێتیکی و میتودی ڕێبازی مییرهولد فێربووم، ئەو دوو بنەمایەش، چەمکی فۆرم و چەمکی گروتێسک بوو، ئەمە بێجگە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی شێوازی ماسکی کۆمەڵایەتی لە شانۆی مۆدێرندا، ئەم بەها ئیستێتیکانە بوونە هەوێنی هونەری و کەرەستەی دەرهێنانی شانۆییم لە نمایشی دوو پێغەمبەردا.

پاش چوار ساڵ خوێندن و توێژینەوەی بەردەوام و کارکردنم لەسەر تێزی دوکتۆرانامەکەم، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە تێگەیشتنم بۆ چەمکەکانی(مەرجەکی، شێوازەکی، جووڵە، پلاستیکا و ئاماژە، فۆرم و گروتێسک) ڕووی دا، ڕاستە پێشتر لە گێژەن و ڕووتبوونەوەدا پەیم بە بەهای هونەریی ئەم چەمکانە بردبوو، بەڵام لە نمایشی دوو پێغەمبەردا قووڵتر و ڕوونتر، دەتوانم بڵێم کاملتر لەلام گەڵاڵەبووبوون.

هەر بۆ ئەوەی ڕوونتر بدوێم و باشتر بۆ پاڵپشتیی ئەم بۆچوونەم، ئاماژە بە یەک خاڵی نموونەی گرینگ بدەم: بەر لەوەی دەست بە توێژینەوە بکەم، ئەو چەمکانەم خوێندبوونەوە، ئاگاداریان بووم و پێناسەکانیانم وەک ئەوەی مییرهولد خۆی پێناسەی کردبوون، دەزانی، بەڵام بەشێوەیەکی تارادەیەک ئابستراکت(مجرد)، واتە بەبێ ئەوەی ئەندێشە و وێنایەکی واقیعی و کردەییم لە بەرچاودا هەبێت، واتە ئەو چەمکانەم تەنیا وەک تیور دەزانی، بەڵام لە واقیعدا چۆن جێبەجێ دەکران، بەتایبەتی لەلایەن داهێنەر و دامەزرێنەرەکەیەوە؟ ئەوەیانم بە خەیاڵ و بۆچوون و ئەندێشەی خۆم سەرلەنوێ وێنا دەکرد، بەڵام لە ئەکادیمیای پیتەربورگ، لە میانەی چوار ساڵی خوێندن و توێژینەوەدا، ئاشنای ئەوەبووم کە مییرهولد خۆی، بەکردەیی، وەک پەروەدەکار و ڕاهێنەر و داهێنەر، چۆن ئەو کاری لە سەر ئەو چەمکانە کردووە، لە سەرووی هەموو ئەمانەوە، بەر لە هەموو شتێک چۆن زمانی نمایشی بۆ تێکستی شانۆنامەکە خوڵقاندووە؟

بۆ یەکەم جار شانۆنامەکەم لە سەر پاپۆڕێک خوێندەوە، ئەو ئێوارەیە لە پیتەربورگەوە بۆ ستۆکهۆڵم دەگەڕامەوە، شەوێ کە لە خوێندنەوەی شانۆنامەکە بوومەوە، خواستی دەرهێنانی هەستێکی شیرینی لەلا دروست کردم، هەستێک کە خۆی بەسەر دەروونمدا دەسەپاند و پێی دەگوتم: دەبێت ئەم شانۆنامەیە بۆ شانۆ دەربهێنم، بەتایبەتی کە پێم وابوو، لە هەموو شانۆنامەکانی مرۆژێک پتر پانتایی داهێنان و ئازادی ئەندێشە و فەنتازیا بە ڕیژیسۆر دەبەخشێت، بۆیە لەوە بەدواوە بۆ چەند جارێک خوێندمەوە، پاش هەموو خوێندنەوەیەکیش ئەم پرسیارەم لە خۆم دەکرد: زمانی نمایشی شانۆنامەکە لە ڕووی هونەری دەرهێنانەوە دەبێت چۆن بێت؟ پێم وایە ڕیژیسۆر، هەر ڕیژیسۆرێک، ئەگەر وەڵامی دروست بۆ ئەم پرسیارە بدۆزێتەوە، ڕیگەی ڕاستی نمایشەکە دەگرێتەبەر و بەلاڕێدا ناڕوات، واتە تا ئەندازەیەکی زۆر ئەگەری ئەوەی هەیە نمایشێکی سەرکەوتوو بەئەنجام بگەیەنێت.

قووڵبوونەوە و شیکاریم لە وردەکارییەکانی شانۆنامەی دوو پێغەمبەر، جار لە دوای جار دوو مۆرکی بەرچاو و ئاشکرای تێکستەکەی لەلام دەسەلماند، ئەویش مۆرکی سیاسی دژ بە ئایدیای تۆتالیتاریانەی گروتێسکانەبوو، ئەمە هەموو لە پێکهاتەی دەقێکی ئەفسانەئامێزی کۆمیدیادا.

بەپێچەوانەوەی هەموو ئەبسوردیستاکانی دیکە، پۆلۆنییەکان و فەڕەنساییەکان، خەمی پۆلۆنیا و کێشەی سیاسی پۆلۆنییەکان لەلای مرۆژێک بابەتی سەرەکییە، چەسپاندنی ستالینیزم بە سەر پۆلۆنیادا کرۆکی بێهودەیی و ئەبسوردێتییە، ئەمە وەک پێشتریش گوتم، بۆ یەکەم جار ئەم ڕوانگەیەی بە دیدیکی قووڵ و فرەلایەن لە شانۆنامەی تانگۆدا بەرجەستە کرد، بەڵام لە دوو

پێغەمبەردا ئەم ڕوانگەیە شێوازێکی دیکەی شانۆ نواندن و یاری درامی و ماسک و کارەکتەری ئەفسانەیی دەگرێتە خۆ، لێرەدا نمایشی شانۆیی ستیلی شانۆنواندن و کۆمیدیای گروتێسک بەسەر هەموو کارەساتە خوێناوییەکانی ناو شانۆنامەکەدا زاڵە.

پێم وایە شانۆنامەی دوو پێغەمبەر، لە ناو هەموو دەقەکانی مرۆژێکدا، مەبەستم ئەوانەیە کە من ئاشنایانم، پێگەیەکی تایبەت و جیاهەڵکەوتووی هەیە، ئەوەندەی بزانم، لە هەمووشیان کەمتر نمایش کراوە، ئەو دەمەی کە شانۆنامەکەم بۆ ئارارات هەڵبژارد، چەندم سێرچ کرد و گەڕام، بۆم ساغ نەبووەوە کەسێکی دیکە کاری لە سەر کردبێت، هەرچۆنێک بێت، هەر ئەمەیش ئازادییەکی فراوانی بە ئەندێشە و فەنتازیام بەخشی کە تەنیا پشت بە ئیلهامی کەسێتی خۆم ببەستم، چۆنم بوێت بەو شێوەیە فۆرمەکان وێنا بکەم.

شانۆنامەکەم خوێندەوە لەدوای خوێندەوە، زیاتر هەست و سەرنجی ڕادەکێشام، هەموو جارێک بەخۆم دەگوت: وا بزانم مرۆژێک بێ ئەوەی ئێمە بناسێت، ئەم دەقەی بۆ ئێمە نووسیوە، بەڵام ئێمە کێین؟ خۆم وەک ڕێژیسۆر؟ تیپی شانۆی ئارارات؟ بینەری کورد لەم بارودۆخەدا؟ هەموو پێکەوە! دەشبێت هەروا وا بێت، ئەم مۆرکە ئینسانییە فراوانە، مۆرکی شانۆنامەی مەزن و شاکارە، لەوانەی کە شانۆکارە مەزنەکان نووسیویانە، بۆ هەموو جیهان دەست دەدەن، گوزارە لە هەموو مرۆڤایەتی دەکەن، لە هەموو سەردەم و قۆناغێکیشدا زیندوو و نەمرن، دەقی لاوازیش، تەنانەت ئەگەر برای گیانی بە گیانی خۆیشت نووسیبێتی، هەر لەو ساتەدا بە مردوویی لە دایک دەبێت کە نووسەرەکەی یەکەم دیمەنی دەنووسێت، بۆ ڕاستیودروستیی ئەم بۆچوونە، وا بزانم پێویستمان بە بەڵگە نییە.

چیرۆکی شانۆنامەی دوو پێغەمبەر لە چوارچێوەی ئەفسانەدا ڕوو دەدات، وڵاتێک ئاژاوەی سیاسی و پاشاگەردانی باڵی سەردا کێشاوە، خەڵکی وڵاتەکە چاوەڕێی سەرکردەیەک، فریادڕەس و ڕزگارکەرێکن بێت لە ئاژاوە و بێ سەروبەری ڕزگاریان بکات، کەسایەتی سەرەکی شانۆنامەکەی فەرمانڕەوایەکی کاتی(وەسی)یە، هەر لە دیمەنی یەکەمی شانۆنامەکەوە کە کۆشکی وەسییە، لەوە دەگەین کە خەڵکی ئەو وڵاتە چاوەڕێی فەرمانڕەوایەکی ڕاستەقینەن کە هات، ئیدی ڕۆڵی وەسی کۆتایی پێ دێت، وەسی لە بالکۆنی کۆشکەوە، وتارێکی دڵنیایی بۆ جەماوەری بە شەرەفی شارەکە دەخوێنێتەوە، دڵنیایان دەکاتەوە کە چیدی پێویست بە چاوەڕوانی ناکات، ئەوەتانێ پێغەمبەرێک بەڕێوە، هاکا خۆی کرد بە کۆشکدا، ئەو وەڵامی بۆ هەموو پرسیارەکانیان هەیە، ئەو چارەسەری بۆ هەموو کێشەکانیان هەیە، ئیدی سەردەمی چاوەڕانی بە سەرچوو! وەسی دڵنیایی دەداتە جەماوەری خەڵک: هەر ئەمڕۆ هەموو کێشەکانتان کۆتاییان پێ دێت، هەر واش دەکەوێتەوە، ئەوەندە نابات قسەکەی دێتە دی، بەڵام کە ئاوڕ دەداتەوە، لە بری یەک پێغمبەر دووان پەیدا دەبن، باشە ئەم دووانە کامیان ڕاستەقینەیە و کامیان ساختەیە؟ چۆن بتوانن یەکێک لەم دووانە بهێڵنەوە، بێ ئەوەی ئەوی دیکەیان کێشەیەک بخولقێنێت؟

نەفەسی درامیانەی تێکستەکە تا ڕادەی توندوتیژی بەهێزە، مۆرکە کۆمیدییەکەی تا ئەندازەی گرۆتێسک زۆر پێوەنانی پێوە دیارە، ئەفسانەکەی کە گوزارە لە واقیعێکی سیاسی تۆتالیتارانەی ستالینانەی تاڵ دەکات، سەرەڕای واقیعیەتەکەی، تا ڕادەی میتافیزیک خۆی لە چوارچێوەی ئەفسانەدا حەشار داوە، لەو باوەڕەدام کەس وەک مرۆژێک دەمامکی لە ڕووی دڕندایەتی و چەپەڵی ستالینیزم ڕامالیبێت، هەر نەبێت لە دەرەوەی ڕووسیادا.

ئێستا دەمەوێت بگەڕێمەوە سەر باسی زمانی نمایشی دوو پێغەمبەر.

پلان و نەخشەی ڕێژیسۆریم لە سەر دوو بنەما بنیاد نا، کۆمیدیای ماسک و گروتێسک.

سەبارەت بە کۆمیدیای ماسک،لە زۆربەی دیمەنەکانی شانۆنامەکەدا لێکچوونێکی تەواوم لەگەڵ کۆمیدیا دێل ئارتێدا بەدی دەکرد، بڵێم چی؟ ڕەنگە ئەم لێکچوونە تەنیا لە دیدی تاکەکەسیی خۆمەوە سەرچاوەی گرتبێت، یان خۆم دەمویست بەو شێوەیە و بەو ڕوخسارە لە نمایشەکەی (ئارارات)دا بەدەر بکەوێت، ڕاستە کۆمیدیا لەلای مرۆژێک، بەتایبەتی لە شێوەی تەنز و زمانی لاقرتێ و توانج و بن دێڕدا، بە سەر هەموو شانۆنامەکانیدا زاڵن، بەڵام لە دوو پێغەمبەردا زۆر بە زەقی، لە چوارچێوەی فۆرمە ناڕیالستییەکەیدا،



کۆمیدیاکە شێواز و مۆرکی کۆمیدیای ماسکی وەرگرتووە، ماسکی کۆمەڵایەتی، ماسکی سیاسی، ماسکی چینایەتی، ئەمە جگە لەوەی کە بەرکەوتنی فیگەر و کەسایەتییەکانی ناو شانۆنامەکە، تا رادەیەکی زۆر ماسک و پرۆفیلەکانی ناو سیناریۆکانی کۆمیدیای دێل ئارتێمان بیر دەخاتەوە، یان هەر نەبێت بۆ ئەو شێوازە کۆمیدیایە دەگونجێن، لەم دیدگایەوە بۆ مۆرکی کۆمیدیانەی شانۆنامەکە، زمانی وەرگێڕانی تێکستەکەم لەلا گەلاڵە بوو، واتە دەبوایە وەرگێڕانێکی سفت و سادە و رەوان بێت، کە نەفەسە کۆمیدیا تەنزئامێزەکەی نەدۆڕێنین، ئەوەی لە وەرگێڕانەکەدا یارمەتی دام، ئەوەبوو کە سەرەڕای ئاشنایەتی زووترم لەگەڵ ئەدەبی شانۆیی و ساتیرەکانی مرۆژێکدا، پێشتر گێڕەن و رووتبوونەوەی ئەوم وەرگێڕابوو، مەبەستم ئەوەیە کە سووکە ئەزموونێکم لەم بوارەدا هەبوو، ئەم ئەزموونە تا رادەیەک یارمەتی دام، لەوەی دەقەکە لە زمانی ئینگلیزییەوە، بە دەستکاری و ئامادەکردنەوە، وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی.

کە بڕیارم لە سەر چەسپاندنی ئەم جۆرە کۆمیدیایە دا، ئیدی دەبێت بڕیار لە سەر ئەوەش بدەیت کە بۆ ئیشکردن لەسەر شێوازێکی لەم جۆرە پێویست دەکات ئەکتەرەکانت، بە شێوەیەک ڕا بهێنرێن کە تێیدا تەواو پشت بە نمایشی جووڵە و جۆرە نواندنێک ببەستن کە پشت بە یاری داهێنەرانە و شانۆنواندن و ئیمپرۆ (ئیرتجال) ببەستن، ئەگەر توانیمان زمانێکی هاوبەش بۆ داهێنانی ئەم جۆرە نمایشکردنە بدۆزینەوە، ئەو کات دەتوانین، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، پرۆڤە لە دوای پرۆڤە، فۆرمی نوێ دابهێنین، ئەگەر ئەکتەرەکان بگەنە ئەو ئەنجامە، منیش بتوانم بیانگەیەنمە ئەو ئاستەی کە زمانێکی هاوبەشی نمایشکردن بخولقێنن، ئیدی خۆیان داهێنەرانە کار دەکەن، پەرە بە میزانسینە سەرەتاییەکان دەدەن، گەشە بە فۆرمە سەرەتاییەکان دەکەن، ئیدی توانایی ئەوەیان دەبێت وردەکاریی خۆیان لە نواندندا پیشان بدەن.

دیارە ئەم ئەرکە بۆ گرووپی ئەکتەرەکان زۆر ئاسان نەبوو، بە تایبەتی کە ئەم جارەیان، بۆ نمایشی دوو پێغەمبەر، تیپی شانۆی ئارارات تاکە یەک ئەکتەری لەو ئەکتەرانە نەمابووەوە، لەوانەی کە پێشتر کارم لەگەڵدا کردبوون، واتە دەبوایە سەر لە نوێ لەگەڵ گرووپێکدا کار بکەم کە نوێ بوون و زمانی هاوبەشیان نەبوو، نەک تەنیا من ئاشنای تواناییان نەبووم، بگرە ئەوانیش ئاشنای ستیل و شێواز و میتودی کارکردنی من نەبوون، ئەمە پرۆسەی دەرهێنانی شانۆنامەکەی سەختتر کردبوو، هەر لە سەرەتاوە هەستم کرد مەودایەکی گەورە لە نێوانماندا هەیە، زۆربەیان ئەوەندە نەبوو لە کوردستانەوە گەیشتبوونە سوید، منیش تازە پاش خوێندن لە رووسیاوە گەڕابوومەوە، ئەوجا بیهێننە بەرچاوی خۆتان کە ئەمە چ ئەرکێکی قورسە، جێبەجێکردنی ڕێبازی مێیرهولد، تەنانەت بۆ خوێندکارانی کۆلێژ و ئەکادیمییەکانی ئەورووپا زۆر ئاسان نییە، ئەوجا دەبێت بۆ کەسانێک چەند سەخت بێت کە ئەزموونی شانۆییان لە سنوورێکی تەسکدا بێت؟!

بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاستەنگانە، وام بە باش زانی، بەر لە هەموو شتێک خۆم بە ڕاهێنەر بزانم، وای دابنێم ئەرکی سەرەکی من ئەوەیە ڕاهێنان بە گرووپێک ئەکتەر بکەم کە هەر یەکەیان خاوەنی ئەزموون و پاشخانێکی جیاوازە، بڕیاریشم دا پشووم درێژ بێت و سەبر و ئارامم هەبێت، کە ئەمە بۆ ئەو سەردەمەی من کە جۆشی گەنجێتیم هێشتا تێدا مابوو، زۆر ئاسان نەبوو، بۆیە بڕیارم دا جارێ هەر لە سەرەتاوە ڕۆڵی ڕێژیسۆر نەبینم، بە خۆم دەگوت: ڕاهێنەر بە نەک دەرهێنەر! بەو شێوەیە ڕاهێنان لە دوای ڕاهێنان، هەستم کرد تادێت لە فۆرمەکان نزیک دەبینەوە.